# تەنگژەی گوزەرانی چین و توێژەکانی خەڵك و دیدێك بۆ قوتاربوون

**لەپەراوێزی لێدوانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستاندا** 2007/1/29

**نوسینی**: **تەها سلێمان**
tahasleman17@yahoo.com



ڕێکەوتی 2007/1/29 کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان –عێراق بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە سەرکردە دێرین و کادیرە پێشکەوتوەکانی حزب، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەبارودۆخی سیاسی کۆبوونەوەیەکی فراوانی سازدا، کەدواتر کۆبوونەوەی ناوبراو پلان کاری مەکتەبی سیاسی کەبەمەبەستی گفت و گۆکردن ئامادەکراوبوو، پاش گفت و گۆیەکی چڕو بابەتیانە کردە لێدوانێکی ڕەسمی کۆمیتەی ناوەندی و بلاّو بوییەوە. من لەم نوسینەدا نامەوێ لەسەر تێکڕای ئەو لایەنانە قسەبکەم کەلە لێدوانی ناەبراودا هاتوە، بەڵکو دەمەوێ لەسەر لایەنی ژیان و گوزەرانی چین و توێژەکانی خەڵك و ئەو تەنگەژەیەیی کەتیایدا دەگوزەرێن و دیدی حزبی شیوعی کوردستان بۆ قووتار بوون لەو تەنگەژەیە قسە بکەم، بەمانا و بینینێکی تر دەمەوێ ڕۆشنتر و بابەتیانەتر هەوڵوێست و ئەجێندای جوڵەو کاری حزبی شیوعی کوردستان لەم بارەیەوە شرۆڤە بکەم، چونکە لێرەو لەوێ زۆر جار گوێمان لەوە دەبێ کە حزبی شیوعی کوردستان هەڵوێستی لەم بارەیەوە ڕوون نیە یان جۆرێك لە ناڕۆشنی تیایە ، بۆ پشت ڕاستکردنەوەی هەڵوێستی حزبی شیوعی لەمەڕ ئەو کێشانەی کەکۆمەڵگا پیایدا دەگوزەرێ باشترین سەرچاوە ی دیکۆمێنتی و سەلمێنراو ئەو دید و بۆچوون و بلاّو کراوە ڕەسمیانەی حزبی شیوعیە کەبلاّو بوونەتەوە و ڕاستەو خۆ پەیوەندییان بە کێشە و گرفتەکانی چین و توێژەکانی خەڵك و جۆری تەنگژەکانی ژیانیان و ڕێگاو جێگای دەربازبوونە لێیان. بەقەد سنووری تێگەیشتنی من حزبی شیوعی کوردستان پێی وایە لەبنەڕەتدا کۆمەڵگای کوردی پێك هاتەیەکی قەیراناوی لەڕووی (فیکری ، سیاسی ، کۆمەلاّیەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری) و هتد پێك دێنێ و ناشکرێ لە هەر خوێندنەوەو ڕاڤەکردنێکدا ئەم پێك هاتە قەیراناوییە لەبەر چاو نەگیرێ، یان بە بینینێکی تر بۆ هەر خوێندنەوەو ڕاڤە کردنێك کەئەم پێك هاتەیە نەکاتە ئەجێندا و مەنهەجیەتی کاری خۆی مومکین نیە بتوانێ گووتارێکی بەدیقەت و بابەتیانە و مێکانیزمی گونجاو بۆ دەربازبوون لێی بەرهەم بێنێ. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە هەوڵ دەدەم لەبەر ڕۆشنایی لێدوانی کۆمیتەی ناوەندی  حزبدا، ئەو ڕاستیە لە هەوڵویستی حزبدا بسەلمێنم و بهێنمەوە پێش چاو، وەکی تر ڕاستکردنەوەی ئەو ڕایە پێچەوانەی کەلەسەر هەڵوێستی حزب هەیە و خستنە ڕووی خوێندنەوەی بابەتیانەی حزب بۆ ئەو دۆخەی چین و توێژەکانی خەڵکی تیا دەگوزەرێ و تەنگەژەکانی بەردەم ئەو شێوە ژیانە و  ئەرکی بزووتنەوەی جەماوەری لەم بوارەدا و ئاستی بەر پرسیارێتی حکومەت لەم نێوانەدا.

دیارە لە ڕاپۆرتە لێدوانی ناو براوی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستاندا دیاردەی ( **بێکاری ، گەندەڵی ئیداری، زاڵبوونی هەژمونی حزبایەتی تەسك، خەرجی زیادە و بێپاوی بابەتی، نەبوونی شەفافیەت، نایەکسانبوونی تۆڕی کۆمەلاّیەتی چاودێری، نەبوونی سیستەمێکی گونجاو بۆ کۆنترۆڵ کردنی بازاڕو هەڵئاوسانی نرخی شت و مەك بەشێوەیەکی هەڕەمەکی، تەنگژەی کارەباو سووتەمەنی و دابین نەبوونی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی خەڵك، بززوتنەوەی جەماوەری و ڕووبەڕوونەوەی لەگەڵ ئەو دیاردانە**) بابەتی سەرەکی و جێباخ و کار بۆکردنن لە دیدی حزبی

شیوعی دا. ڕوونتر حزبی شیوعی کوردستان پێی وایە بە ورد بوونەوە لە کۆی ئەو بابەتگەلانە کەلە سەرەوەڕا ئیشارەتمان پێکرد ، ناتوانرێ تەنگژەی کۆمەڵگای کوردی بشاردرێتەوە و بەڵکو ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو تەنگژەیە لە زیاد بوندایە و بێگومان زیانەکانی قەبەتر و کاریگەر تر دەبن ، ئەگەر بێت و هەنگاوی پێویست و بەرنامەی گونجاو بۆ چارەسەر کردنیان نەنرێ و دانەنرێ. ئەگەر بمانەوێ ئەجێندای حزبی شیوعی کوردستان بۆ ڕوو بەڕوو بونەوەی ئەو دیاردە گەلانەی سەرەوە کەباسمان کرد بناسین و بزانین دەبێ ئەم پەرە گرافە وەك خۆی بەنمونە بێنینەوە وەك( **هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا چالاکیە کانی بزووتنەوە جەماوەرییەکان تاو توێ کرا، کەلەماوەی ڕابردوودا چالاکی جەماوەری بە خۆیەوە بینی ، حزبمان  داوای لە هاوڕێیان و ڕێکخراوەکانی کرد کەشێوازی خەباتی مەدەنی و ئاشتەوایی بکەن بەبەرنامە بۆ ئاراستە کردنی جەماوەر لەپێناو داخوازییە ڕەواکانیان** ) ، واتە حزبی شیوعی بەتەواوی بڕوای بەوە هەیە کۆمەڵگای کوردی لە تەنگژەدا دەژی و چین و توێژەکانی کۆمەڵگاش لەسایەیی ئەو تەنگژەیەدا داهێزراون و گوزەرانیشیان ڕۆژ دوای ڕۆژ قورستر و سەخت تر دەبێ، قوتاربونیش لەم شێوە گوزەران و تەنگژەیەیی تێی کەوتوون بەبێ  ناڕەزایی دەربڕین و گرتنە بەری ڕێو شوێنی مەدەنیانە و ئاشتەواییانە مەحاڵە، هەربۆیە حزب وەك حزبێك کەهەمیشە سەنگەری داکۆکی کردن بوە لە چین و توێژەکانی خەڵك بەئاشکراو بێپەردە پشتگیری خۆی بۆ ئەو بزتنەوە جەماوەری و ناڕەزاتیەکانیان نەك نەشاردوەتەوە بەڵکو پشتگیریشیان لێدەکا. بەلاّم بێگومان پشتگیری حزبی شیوعی ناچێتە چوارچێوەی پشتگیری لەو کارو کردەوە خوڕسکیانەی کەبێبەرنامەن و ئامانجێکی دیاری کراوییان نیە و لەبنەڕەتدا زیان بە خودی بزووتنەوەی جەماوەری و داخوازییە ڕەواکانی خەڵك دەگەیەنێ. چونکە حزبی شیوعی پێی وایە پشتگیری لە کارو کردەیەك کە ئەجێندایەکی دیاری کراوی نەبێ و زیان بە بزووتنەوەی جەماوەری و داخوازی خەڵك بگەیەنێ پێویستی بە ڕەتکردنەوەو دانە دواوەییە نەك پشتگیری لێکردن، وەك تێبینی دەکەین لە پەرە گرافێکی تردا و لە لێدوانەکەدا جەخت دەکاتەوەو دەڵێ( **جەختیشی لەڕێز گرتن و پیادەکردنی مافی خۆپیشاندان کرد ، کە ئەوە مافێکی زەرورەتی دیموکراسی شارستانیە، بەلاّم زۆر پێویستە خۆپیشاندەران دام و دەزگا گشتیەکان و سامانی گشتی بپارێزن لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشان داندا**) ، چونکە قەت نەبوە تۆ خۆپیشاندان بۆ تێکدان یان لەت و پەتکردن سازبکەیت بەڵکو خۆپیشان دان بۆ باشترکردن دەکەیت کەواتە نەبابەتیە تۆ پشگیری لە کاری تێکدان و لەت و پەتکرن و داڕووخانی دام و دەزگاو شتی بکەیت و نە لۆژیکیە خۆپیشاندەر لەبری داواکاری و جەخت کردنەوە لە ڕەوایەتی داواکانی و بە دەست هێنانی پەنا بباتە بەر کاری تێکدەرانە یان هەر شێوازێکی تری نەگونجاو کە زیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیەنێ.  ئەم تێڕوانینە بەمانای پشگیری کردن لە نەبوونی کۆی ئەو شت گەلانەی کەلە پێشا باسمان کردن و ووتمان کۆمەگا و گوزەرانی چین و توێژەکانیان تووشی تەنگژە کردوە نایەت، بەڵکو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنێکی بابەتیانەیە بە ئاراستەی دۆزینەوەی میکانیزمی گونجاو بۆکار نامەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری لەبەرامبەریاندا. هەروەك چۆن لە لێوانەکەدا حزبی شیوعی حکومەت بەرپرسیار دەکا و دەڵێ( **هەروەها ئەرکی حکومەتە لە ئاست داخوازییەکانی جەماوەر بێت و کاری جیدی بۆ بکات، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە چارە سەرکردنی قەیرانەکانی سووتەمەنی و وزەی کارەبا و پێداویستیە هەنووکەییەکانەوە هەیە**)، کەوتە حکومەت لە بەرپرسە لەوەی گوێ لە چین و توێژەکانی کۆمەلگا بگرێ و بەرنامەی گوونجاوی بۆ جێبە جێکردنی داخوازییەکانی خەڵك هەبێ ، نەك بە پێچەوانەوە پشت گوێیان بخا و بە ناڕاستیان لە قەڵە م بدا، و بەپاساوی جۆراو جۆر وەلاّمیان  بداتەوەو بە نابابەتیان ناو زەد بکا.

ئەگەر تۆزێ بەوردی ئەو ڕاپۆرتە لێدوانەی حزی شیوعی کوردستان بخوێنینەوەو دیقەتێکی بابەتیانەی بدەین، ئەو ڕاستیەمان لەلا گەلاّڵە دەبێ کە بەبەر پرسیارێتیەوە مامەڵە لە گەڵ واقیعی کۆمەلگا و تەنگژەکانی دەکا، لەسەر جەم ئاستەکاندا بەتایبەت ئاستەنگ و تەنگژەکانی تایبەت بە ژیان و گوزەرانی چین و توێژەکانی خەڵك. هەروەها کار بۆ ئەوەش دەکا باشترین و شیاوترین مێکانیزم بۆ گەیاندنی کێشە و گرفت و داخوازییەکانی خەڵك دەستەبەر بکا بۆ گەیاندنیان بە حکومەت و دام و دەزگا بەرپرسەکان و لە هەمانکاتیشدا کار بۆ ئەوە دەکا حکومەت لە گوێنەگرتن و

کاری بێبەرنامەییەوە بگوازێتەوە بۆ گوێگرتن لە خەڵك و کاری بەرنامەیی. ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریش حزبی شیوعی کوردستان مەترسی خۆی پێشان دەدا لەو تەنگژەیەیی لە دەرگیری بوین ، چونکە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم تەنگژەیە فرە هۆکارن و بێدەنگ بوون لێیان و ڕوو بەڕوو نەبوونەوەیان گۆمەلگا بەرەو تەنگژەی خنکێنەرتر دەبا و ڕێگاچارەش قورسترو نارەحەتر دەبێ. واقیعی کۆمەلگای کوردستانیش ئەوە نیە لەسەر ئاستی ژیان و گوزەران لە تەنگژەدابێ و بەدیوەسیاسیەکەیدا کۆمەلگایەکی سەقامگیر، بەڵکو دەتوانین بێژین بەپلەی لەیەکتری جیاواز لەسەر هەموو ئاواتەکان لەتەنگژەداین و بەردەوام ڕووبەڕوو ی چەندین پرس و ئەگەری یەکتر بڕو لەیەکتر جیاواز دەبینەوە وهەرهەموشیان وەڵامی پێویست و بابەتیمان لێدەخوازن نەك بەپێچەوانەوە، پەرۆشی حزبی شیوعی کوردستانیش ئەم دیدە بابەتیەیی هەلگرتوەو ناشیەوێ لەدەرەوەی واقیدا بیر بکاتەوە ، بەقەد ئەوەی دەیەوێ واقیع بکاتە بنەمای بیر کردنەوەو خوێندنەوەو ڕاڤەکردنی کۆی ئەو تەنگژەیەیی تیایدا دەگوزەرێین و لەسەر بنەڕەتی ئەوەش هێڵە گشتیەکانی سیاسەت و بەرنامەی کاری خۆی تەوزیف دەکا. بەوەزیفەی خۆیشی دەزانێ بەردەوام لەسەنگەری داکۆکی کردن لە بەرژەوەندییەکانی چین و توێژەکانی خەڵکدابێ و داکۆکیان لێبکا و حکومەتیش وەك بەرپرسیاری پلە یەك لە دابین کردنی پێداویستی و داخوازییەکانیان بناسێنێ.

لێدوانەکە لە زۆر لایەنی ترەوە چی کوردستانی و عێراقی و چی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و بەتایبەتی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە قسەی زۆر هەڵدەگرێ ، بەلاّم ئێمە تەنها لایەنێکمان هەڵبژارد بۆ قسەکردن ئەویش لایەنی تەنگژەی گوزەرانی خەڵك و بزووتنەوەی نارازی لە نێو خەڵك لەو تەنگژەیە و هەڵوێستی حزبی شیوعی کوردستان لەو مەسەلەیە و ئەرکی حکومەت لەم ئاستەدا.